# بیۆگرافیی سمایل خانی فەڕروخی

نووسینی مەنسوور فەڕروخی

٢٠٢٠/٠٦/٠٢



سمایل خان و ساحەب خانمی هاوسەری (ساڵی ١٣٢٦)[1]

سمایل خانی باوکم نیزیکەی سەد و بیست ساڵ بەر لە ئێستا لە شاری شاهیندژ سەر بە ئوستانی ئازەربایجانی خۆرئاو لە دایك بووە. دایکی ناوی سەکینە و باوکی ناوی عیزەتوڵڵا بووە. دایك و باوکی منداڵەکەیان ناو دەنێن سمایل، کە لە داهاتوو دا بە باوکی وێنەگەریی لە شاری بۆکان دەناسرێ.

سمایل خانی فەڕروخی ساڵی ١٢٧٨ ی هەتاوی (١٩٠٠ ز) لە دایك بووە، دایکی سمایل خان خوشکی سەردار حەمەحوسێن خانی سەردار موکری و کچی سەردار سەیفەدین خانی ئەردەڵان حاکمی سەقز بووە. باوکیشی عیزەتوڵڵا خان کوڕی فەڕروخ خانی مەنسوور ئەلمەمالیك بووە کە دوای زەماوەند لەگەڵ بنەماڵەی سەردارەکان لە گوندی قەرەگوێز گیرساونەتەوە و بوونەتە حاکمی ناوچەی گەورك. سمایل خانی فەڕروخی هەر لە سەردەمی منداڵییەوە هۆگری وێنە و وێنەگریی فۆتۆگرافی بووە و هۆکاری سەرەکی ئەو تامەزرۆییەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر باوکەگەورەی واتە فەڕروخ خان.

فەڕروخ خان لە یەك لە سەفەرەکانی خۆی بۆ وڵاتی ڕووسیا لەگەڵ کەسێکی بە ڕەچەڵەك ئەرمەنی بە ناوی ئارتان ناسیاوی پەیدا دەکا کە هونەرمەندێکی ناودار بووە لە بواری هونەری وێنەگری و نەققاشی و ناوبراو لەگەڵ خۆی وەك میوان دێنێتە شاری بۆکان. لە ماوەی مانەوەی ئەو هونەرمەندە لە بۆکان فەڕروخ خان و عیزەتوڵڵا خانی کوڕی هونەری وێنەگریی لێ فێر دەبن و بەو هۆیەوە هونەری وێنەگریی

[1] ئەو وێنەیە سەردەمی خۆی بە شێوەی ڕەش و سپی هەڵگیراوە، دواتر بە ڕەنگی ڕەوغەنی ڕەنگ کراوە.

لە ناو ئەو بنەماڵەیەدا پەرە دەستێنێ. سمایل خانیش لە سەردەمی منداڵییەوە ئەو هونەرە لە باب و باپیری فێر دەبێ، کە ئێمە ئەمڕۆ بە باوکی هونەری وێنەگریی لە شاری بۆکان دەیناسین.

بە پێی گێڕاوە کۆنەکانی شاری بۆکان، گوایە عەلی خانی باپیری (سەردار عەلی خان) لە ساڵی ۱۹۱٤ واتە سەرەتای شەڕی جیهانی یەکەمدا بۆ یەکەم جار کەرەسەی کامیرای وێنەگریی هێنابێتە ناو شاری بۆکانەوە ئەویش ئەودەمە بوو کە محەمەد حوسێن خانی باوکی لە لایەن داگیرکەرانی عوسمانییەوە لە شاری مەراغە لە سێدارە درا و سەردار عەلی خان لە شاری تفلیسی گورجستانەوە بۆ جێنشینی باوکی گەڕایەوە بۆکان. بەڵام بەوهۆیەی هیچ بەڵگە یا وێنەیەکی باوەڕپێکراو لەو پەیوەندییەدا بوونی نییە، و لەسەر ئەو ڕاستییەش کە سمایل خان وەك یەکەم وێنەگری شارەکە لەناو خەڵکانی بۆکاندا ناسراوە، دەیسەلمێنێ کە وەك باوکی وێنەگریی و یەکەم کەسێک لە ئەژمار دێت کە ئەو کارەی وەك پیشە لە ناوچەکەدا ناساندووە.

ژیانی سمایل خان تەنیا لە هونەری وێنەگەریدا پوختە نابێتەوە، بەڵکوو ئەو مرۆڤە بۆ ماوەیەك لە ئیدارەی ماڵیاتی شاری مەهاباد خزمەت دەکا و دواتر هەر لە شاری مەهاباد خەریکی وێنەگریش دەبێ. ئەو کاتە کە کۆماری کوردستان بەتایبەت لە ناوچەی موکریان برەوی هەبووە، گەلێك وێنەی مێژوویی کێشاوە کە بەداخەوە بەهۆی لەناوچوونی ئاڕشیڤی وێنەکانی بەشێکی زۆری لەناو چوون کە ڕەنگە بکرایەت گۆشەیەك لە مێژووی ئەو سەردەمەی پێ ڕوون کرابایەتەوە.

سمایل خان ماوەیەك دواتر لە مەهابادەوە کۆچ دەکا بۆ شاری تەورێز و چەند ساڵێکیش لەوێ کاری وێنەگەری دەکا. سمایل خان لەو ماوەیەی لە شاری تەورێز ژیان دەکا تووشی ڕۆژگارێکی گەلێك تاڵ دێ. لە سەردەمی کۆماری کوردستان بەهۆی چالاکی سیاسی و نیزیکایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات لە تەوەرێز دەگیرێت و ماوەیەك لە زیندانی تەورێز و دواتر لە زیندانی ورمێ دەیخەنە بەندیخانەوە. دوای ئازادبوونی لە ورمێ دووکانێك بە کرێ دەگرێ و لەوێ بۆ بژیوی ژیانی بە کاری هونەری وێنەگری خۆی درێژە پێ دەدا.

سمایل خان ژیانیکی گەلێك ئاڵۆزی بووە، بە شێوەیەك کە زۆربەی تەمەنی خۆی لەم شار و لەو شار و ئاوارەییدا تێپەڕ کردووە. کارەکەی بە وێنەگری لە شاری ورمێ کۆتایی پێ نەهاتووە و لەسەر تامەزرۆیی بنەماڵەکەی و دۆستانی نیزیکی، دەچێتە شاری سەقز و داوی ماوەیەك لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ شاری بۆکان. لە بۆکانیش نەگیرساوەتەوە و دوای ماوەیەك کۆچی کردووە بۆ شاری تاران.

لە سەردەمی ژیانی لە شاری تاران چالاکی خۆی لە دوو شوێندا درێژە پێ داوە. لەگەڵ هونەرپیشەیەکی ناوداری ئەو سەردەمە بە ناوی "ڕووفیا" شەریك بووە و پێکەوە کاریان کردووە. دوای تێپەڕکردنی چەند ساڵی تەمەنی، لە شاری تاران بۆ جاری دوایی دەگەڕێتەوە ناو شاری بۆکان و کارەکەی لەوێ بە مەیلەوە درێژە پێ دەدا.

سمایل خانی فەڕوخی سەرەڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی مەزن و ڕەسەنەوە سەرچاوەی گرتووە، ژیانیکی گەلێك ساکاری بووە کە بە شێوازێکی جیاواز لە پێشینیانی بەڕێوە چووە. ئەو خۆشەویستە لە ساڵی ۱۳۵۳ی هەتاوی (۱۹۷٤ ز) لە تەمەنی ۷٥ ساڵەییدا و دوای تەمەنێك غەریبی، دەربەدەری و دووری لە نیشتمانەکەی، لە شاری بۆکان لە ماڵێکی کرێنشینیدا (سەیزادە ئامین، هاوسەری سەید ئەحمەدی قەساب) کۆچی دوایی کردووە و نازناوی باوکی وێنەگریی لە شاری بۆکان لەخۆی بەجێ هێشتووە.

ڕۆحی شاد و یادی پیرۆز بێ

 

سمایل خان



سمایل خان و ساحەب خانمی هاوسەری



وێنەیەکی مێژوویی سەردەمی قاجارەکان

چەپ: دلاور نامدار کورد   ڕاست: سەردار عەزیزخان



وێنەیەکی مێژوویی شاری سابڵاغ – گرووپێك لە تێکۆشەرانی کۆماری کوردستان

ڕاوەستاو لە ڕاستەوە: محموود وەلیزادە، سمایل خان فەڕروخی، عەبدولڕحمان زەبیحی، وەهاب بلوریان

دانیشتوو لە ڕاستەوە: نەجمەددین تەوحیدی، قاسم موهتدی، عەبدولڕحمان ئیمامی